# بەڵگەنامە سیاسییەکانی بۆکان چییان لێهات؟

## (بەشی ١)

ڕۆژی ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧ [١٩٧٩/٠٢/١١] حوکمی شایەتی، لە ئێران ڕووخا و دەسەڵات کەوتە دەست خومەینی و مەلاکانی قوم و مەشهەد، ئەوانیش سیستەمی نگریسی ویلایەتی فەقیهیان کردە جێگری ڕژیمی شاهیەتی، خەڵکی هەژاری ئێران لە قووڵکێک دەرهاتن و کەوتنە چاڵێکی قووڵەوە!

ئەودەم من دووسێ ساڵ بوو لە زیندان هاتبوومە دەرێ و لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا نەمدەتوانی کاری دەوڵەتی وەربگرم، چوونەوە سەر کاری مامۆستاییشم یاساخ بوو و لەئەنجامدا دەبوایە تەنیا لە کەرتی تایبەت کارێک بدۆزمەوە کە ئەویش بە هیممەتی ڕێزدار جەلیلی گادانی جێ بەجێ بوو و لە "شرکت انبارهای عمومی ایران" کە بۆ گومرک کاری دەکرد، لە شاری تەورێز دامەزرام. لە کاتی شۆڕش و ڕووخانی ڕژیمی شادا هەر لەتەورێز بووم بەڵام دوای مانگێک دەوڵەتی بازرگان ڕایگەیاند کە زیندانیانی سیاسی دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری پێشوویان، منیش خەریکی جێ بەجێ کردنی کارەکەم بووم و لەعەینی کاتدا داوام کردبوو بۆ دەست بەکار بوونەوە لەجیاتی تاران بمنێرنەوە بۆکان.

لەتاران هەر پێش سەرکەوتنی شۆڕش ڕێکخراوێک بە ناوی "شۆڕای انقلاب" پێک هاتبوو و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشیش لە هەموو شارەکان شۆڕای انقلاب پێک هات. من لە بۆکان نەبووم کە هەڵبژاردن و دەنگدانێک بۆ پێک هێنانی شۆڕای انقلابی بۆکان کرابوو، وابزانم لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە مزگەوتی جامیع یا لە ساڵۆنی دەبیرستانی کەماڵ، ئامادەبووان کە زوربەیان مامۆستاکانی قوتابخانە و قوتابی و بازاڕی بوون، بڕیاری پێکهێنانی شۆڕای ئینقیلابی بۆکان و هەڵبژاردنی ئەندامەکانیان دابوو. وەک بیستمەوە، شەهید مینەی شێرخانی بە بێ ئاگاداریی خۆم، ناوی منیشی پێشنیار کردبوو و بە تێکڕای دەنگ پەسند کرابوو. کاتێ گەڕامەوە بۆکان گوتیان بوویەتە ئەندامی شۆڕا؛ گوتم من هێشتا هەر لە تەورێزم؛ گوتیان قەیدی ناکات کارەکەت جێ بەجێ بکە ئینجا وەرەوە.

هەرچۆنێک بێت دوای نەورۆز واتە لە بەهاری ١٣٥٨ دا گەڕامەوە بۆکان و هاوکات دوو کار و ئەرکم پێکەوە دەست پێکرد: مامۆستایەتی لە دەبیرستانی کەماڵ و ئەندامیەتی لە شۆڕای شار. هەردوو ئەو شوێنانە ئاڵۆز بوون و لایەنگرانی هێڵی فیکری و ڕێکخراوەیی جیاواز کارەکانیان هەرکام بەرەو ئاقارێک دەبرد. من هێشتا خەتێکی دیاریکراوم نەبوو و تەنانەت لەبیرمە کاتێ لە تەورێزەوە گەڕامەوە بۆکان، برادەرێکی تەورێزیم دەمانچەیەکی دامێ و گوتی لە گرتنی ساواکی تەورێزدا دەستم کەوتووە و ئێستا لەجیاتی ئەوەی بیبەم بۆ مزگەوت دەیدەم بە تۆ، منیش وەرمگرت و ڕاستەوخۆ بردمەوە بۆکان، دام بە شۆڕای انقلاب، لەکاتێکدا کە دواتر زانیم هەندێک لایەنگری حزب و ڕێکخراوەکان چەکی شۆڕایان زیاتر بۆ ڕێکخراوەکەی خۆیان دەویست تا شۆڕا!

لە شۆڕای بۆکاندا هەندێک کەس ئەندام بوون کە ئەوەندەی لەبیرم مابێت بریتی بوون لە نەمر مینەی شێرخانی، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک مینەی حیسامی، کاک حەسەنی شەمسی، کاک عومەری حەمیدی، وەستا مستەفای نەجاڕ، و ....

ئەوەندەی لەبیرم بێت، شۆڕا دەستی بەسەر چەک وچۆڵی شەهرەبانیدا گرتبوو و یەک لە کارەکانی بریتی بوو لە پاسەوانیەتی شار و کۆنترۆڵی دەروازەکانی شار. تاقمێک خەڵک خۆیان دەهاتن و ئامادە دەبوون شەوانە کێشکچی بن و لە شوێنە دیاریکراوەکانی ناوشار و دەروازەکانی هاتوچۆ کێشک بدەن. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە هەندێکیان چەکەنیان دەبردەوە ماڵێ و نەیاندەدایەوە شۆڕا، ئەوەش یەک لە گرفتەکان بوو.

لە ڕادیۆ و تەلە فیزیۆنەوە ڕاگەیێنرابوو کە هەندێک ساواکیی لە ئازەربایجانەوە وەڕێ کەوتوون و واهەیە ڕابکەن. بە پاسەوانەکانی دەروازەی باکووری شار گوترابوو ئاگادار بن. لەپڕ هەواڵیان هێنا ئوتوبۆسێک هاتووە، گوێی نەداوەتە فەرمانی وەستان و ویستوویەتی بڕوات، پاسەوانەکان تەقەیان لێکردوون و وەستاندوویانن. یەکیان کووژرابوو. هیچ لەبیرم ناچێت ئەوانیتریان کە هێنایە شۆڕای انقلاب لە شەهرەبانی بۆکان، هەموویان ترسابوون ونەیاندەزانی چییان لێ بەسەردێت. کاک عەبدوڵلای موهتەدیم بینی کە بە بیستنی هەواڵی کووژرانەکە پڕ بەدڵ دەگریا وژیر نەدەبووەوە. ئەودەم ئیتر بیر لە کوشتن و ئیعدام نەدەکرایەوە و ئاواتی هەموو لایەک هێمنی و دامەزران و ئاسایش بوو، کوشتنی کەسێک ئەویش لە لایەن پاسەوانێکی شۆڕای ئینقلابەوە جێگەی باوەڕ نەبوو و هەموومانی هەژاندبوو بەڵام کاک عەبدوڵلا زیاد لە هەمووان پێی تێک چووبوو و من لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ کاک عەبدوڵلا وئەو هەستە مرۆڤانەیم خۆش ویستووە.

ئەرکی شۆڕا زۆر قورس بوو؛ بەخشداری و شەهرەبانی و ژاندارمری و هەڵوەشابوونەوە و ئیداراتی دیکەش تەق ولۆق بوون و کاری ئاساییان نەدەکرد. شەهردار کاک عەلی حەبیب زادە بوو بەڵام ئەویش لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتی حزبە سیاسییەکان و شۆڕادا کارێکی لەدەست نەدەهات. بەکورتی شۆڕا هەموو کارەکانی بەدەست خۆیەوە گرتبوو بە بێ ئەوەی ئەزموونی هەڵسووڕاندنی کاروباری هەبێت. پێش شۆڕا، لەشارەکەدا "کانون معلمان" هەبوو کە زۆریش چالاک بوو و گەلێک کاری شۆڕشگێڕانەی کردبوو و شۆڕای انقلابیش لە ڕاستیدا زیاتر لە ئەندامانی کانون معلمان پێک هاتبوو، هەربۆیەش بوو وەختێ مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکدا زاڵ بوو، خەڵکە ئاساییەکە جنێویان بە مامۆستاکان دەدا و ئەوانیان بە تاوانباری کارەکان دەزانی.

درێژەی هەیە